www.kurdistannet.org
01/03/2003 16:21

# خیانەتی ئەمریکا قەبوڵ ناکرێ

رێبوار کەریم وەلی

میللەتی ئێمە پتر لە هەموو میللەتانی دنیا بە خیانەتە یەك لەدای یەکەکان و مێژوویەکانی ئەمریکا ئاشنان. نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و بە تەنها بە جێهێشتنان لە دوای راپەرینەکەی ئازاری ۱۹۹۱ نمەنەی ئەم خیانەتە گەورانەن کە ئەمریکیەکان لە گەلەکەمانیان کردوون و هەمیشە لە ئاستەنگەکاندا بە تەنهایان بە جێهێشتووین.

گەمەیەکی زۆر گلاو لە گۆڕەپانی ترکەکانەوە دەستی پێکردووە و بەنیازن تا بۆیان بکرێ سود لە جییۆستراتیژییەتی ولاتەکەیان بە نسبەت ئامریکا و بۆ لە گۆڕنانی خەون و ئاواتەکانی میللەتەکەمان وەربگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئامریکا زۆر بێشەرمانە داوا یەك لەدوای یەك و نابەجێیەکانی ترکیا دێنەتە دی و، رێگەی بە سپای داگیرکەری ترکیا داوە بۆ پاراستنی خوی دووقاتی ژمارەی سەربازەکانی خۆی لە کوردستان بە مەودای ۲۰ تا ٤۰ کیلۆمەتر بێتە نێو خاکی نیشمانمان. چەندین رۆژە سەرکردایەتیی سیاسی ولات و جەماوەری کوردستان گوشارێکی بێئەندازە دەخەنە سەر دنیای دەرەوە تا رێگە بە داگیرکارانی ترك نەدەن خاکمان گلاو بکەن کەچی چاوەڕوانییەکانمان نەهاتنە دی و وەلامی ئەمریکییەکان ئەوە بوو کە لە کۆنفرانسی سەلاحەدین گوێمان لێبوو.

زەلمەی خەلیل زاد، لە کۆنفراسیسەلاحەدین وەك دەڵێن (مورووی شین) ی بەسەر کورد و ترکەکاندا دابەش کرد: هەم گوتی سپای ترك دێت و هەمیش گوتی دوای تەواو بوونی کارەکانی دەکشێتەوە. بەوەش پێیوابوو هەردوولای لەیەك کاتدا قەناعەت پێهێناوە. رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست –ی رۆژی ۲۸ ی شوبات نووسیویەتی کەوا ئەمریکا بەلێنی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی و تەنانەت قەوارەی فیدرالیشی بە ترکەکان داوە.

هەروەها بەئاشکرا ترك رێگەیان نەدا ئامریکا چەکی قورس و بەتایبەتیش دژە ئاسمانی بە کورد بدات. قسەیەکی بەرێز مەسعود بارزانی هەیە کە لە کاتی لەشەڕی کەنداو لە ۱۹۹۱ کردوویەتی و لەوێ بارزانی دەڵێ: راستە سپای سەدام لاوازە، بەلام ئێمە لەو لاوازترین. ! ئەمە هێشتاش هەر دەیخوا، باشە ئەگەر وابێ کە دەڵێن دەبێ کوردیش لە گەڵ سپای ئەمریکادا پەلاماری سەددام بدەن، کورد بە چی دیفاع لە خۆیان بکەن، یان وەك ساڵی ۱۹۹۱ چاوەڕێی ئەوە بین کە سەددام حەشرمان پێبکا؟ ئینجا ئامریکا بە هانامانەوە بێت، تا ئەو کاتە چەندی دیکەشمان دەبینە کەرستەی هەواڵە تراژیدیکەکانی میدیای رۆژئاوایی؟

ئەمجارەشیان ئەمریکا هەر لە ئێستاوەڕا خەریکە پشتمان تێدەکات و خەونەکانمان بە با دەدا. بەلام نابێ ئەوە لە بیر بکات عێراق بەبێ چارەسەری عادیلانەی کێشەی کورد ئارامی بە خۆیەوە نابینێ و لەمەشیاندا نەك هەر ئەمریکا، بگرە ترکەکانیش کە بەرپرسیار دەبن لەو نەهامەتییەی بەسەر کورد دێت و، ئاگرێك لە ناوچەکە هەلدەگریسێ و پتر لە هەموانیش ترك دەسوتێن.

ئەوەی ئیستا دەکریّ ئەوەیە کە سەرکردایەتیی کورد بەرامبەر ئەم خیانەتە بێدەنگ نەبن و میللەتی کوردیش بە هەموو توانایەکییەوە بەرەنگاری ترکەکان بنەوە .

Rebwar2001@yahoo. com

Rbwar2001@yahoo. com

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پاریزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت